www.kurdistannet.org
20-11-2005 17:24 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بانگەوازێک بۆ بەڕێزانی بەرپرسی سایتە کوردێکان.. فەهمی هەڵەبجەیی

بەرێزان وەك دەزانن وادەی هەڵبژاردن نزیك بۆتەوە لە کوردستان، وە ئەرکێکی نیشتمانی یاساییەو ئەخلاقیە کە پەیامنێرانتان لە کوردستان ڕۆڵی کاریگەری ببینێت لە نێو بنکەکەکانی دەنگ دان بۆ هەر تەزویرو خورقات وساختەکارییەك ڕاستەخۆ ڕاپۆرت و پەخشی زیندو بگوازنەوە بۆ سایتەکانتان، وەك لای هەموو کەسێ ئاشکرایە کە لە ڕاپرسێکەی دەستور بنکە نەبووە تەزویری تێدا نەکرابێت، بە پڕکردنەوەی فۆرمە بەتاڵەکان لە لایەن کەسانی سەر بنکەکان، وەك لە ڕێپۆرتاژەکەی ڕۆژنامەی ئاسۆ ژمارە 162 لە گەڵ زۆر لە چین وتوێژەکانی هاولاتیان ئەنجامی دابوو، کە داوادەکەن نوێنەران و چاودێرانی نێودەوڵەتی ئامادەی هەڵبژاردنەکەی کوردستان بن، بۆ ئەوەی جارێکی کە ناوی پارێزگاکانی کوردستان نەچێتە نێو لیستی ڕەشەوە.
وە ئومێدەوارین دەسەڵاتدارانی کوردستان بە خۆیانا بچنەوەو وە رێگە خۆشکەر نەبن بۆ دووبارە تەزیورو ساختەکاری، وە دیموکراسیەکەتان ئەمەیە کە ئەڵێن: وڵاتانی تر لە ئەزموونی کوردستانەوە فێری وانەی دیموکراسی دەبێت!